# تەڵەزگەی دەستور



**محمد حسين**
Mihamad_79@yahoo.com

**لەنێو ئەو سێ پێکهاتە سیاسیەی کەمشتومڕیان ئەکرد لەسەر دانانی پرۆژەی دەستوری عـیراق , کـورد بەئـە نجامێکی سەیرەوە هاتە دەرەوە , ئە نجامێك پێویستە لەنێوان بردنەوەو دۆڕاندا ناوێکی تری بۆبدۆزینەوە ,ناوێـك کـەگوزارش بێت لەو پەرپوتیەی ئەمڕۆی وەزعی سیاسی کورد , کەچۆن ناچارە دەستورێك قبـوڵ بکـات لانـی کـەمی خواسـتەکانی خەڵکی کوردستانی تیانیەو , خرا پترین ئە نجامێکیشە سەرکردەکان خۆیان چاوەڕوانیان کردبێت . ئـەمڕۆ کـورد هـیچ دەروازەیەکی ڕوناکتری لێوە دیار نیە وەك بەدیلی قبوڵ نەکردنی ئەم دەستورە , لەهەمان کاتیشسدا هەمووئەو هەڕەشەو خرا پی و نەگونجاوی و تاریکیانەی کورد لێی ئەترساو ئەیگوت قبوڵی ناکەم , لەناو ئـەم دەسـتورەدا بـەزمانی گـوڵ جێگەی کراوەتەوە .**

**بەهەرحاڵ سەرکردەکانی کورد هەرئەوەندەیان لەتوانادا بوو بۆبەدەست هێنان و , ئەوەیش کەبەدەستیان هێنا بـەهای ئەوەی نیە خۆیشیان پێی ڕازی بن و وەك عادەتی هەمیشـەییان چـۆن شکسـتەکانیان بەدەسکەوت پێئەفرۆشـتینەوە ئەمەیشـمان لێبکەنـە دەسـکەوتێکی مـەزن . بێگومـان ناکرێـت تۆبچـیتە دانوسـتاندنی دوولایـەنی تـرەوەو هەمووداخوازیەکانت جێ بەجێ بکەیت , خۆی لۆژیکی دانوستاندن وەهایە کەئەبێت نیوە بدۆڕێنیت و نیـوە بەریتـەوە , بەلاّم وادیارە نیوە براوەکەی کورد نیوەیەکی گومان لێکـراوە , بەلەبەرچـاو گرتنـی ئـەو هەمووهێڵـە سـورەی پێشـتر پێداگریان لەسەری ئەکردوو دواجار بەبێ دەنگ و بەو پەڕی بێباکیەوە وازیان لێهێنا . هەموو تەماشاکەرێکی ڕەوشـی ئەمڕۆی عیراق و کوردستان ئەزانێـت ئەوەی کەبەرهەم هات ئە نجامێکی سروشتی سەنگ و قورسایی و پێگـەی کـوردە و هەر ئەوە بەدەست هات کەبینیمان , بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە ئایا زروف و قەوارەی تواناڕێکخراوەکانی کورد نەئـەکرا لەوە باشتری پێ بەرهەم بهێنرایە ؟ گەر عەقڵێکی کارامەترو شارەزا تر ئیدارەی دۆزی کوردی بکردایە و , لانی کەم ئەو هونەرەی بنواندایە شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆو دووئیدارەیی بسڕیایەتەوەو, ئەو تۆزە پشت بەخۆبەستنەی ( ئیکتفا زاتی ) لەنەوەتەکانـدا کۆمـەڵگای کـوردی دروسـتی کردبـوو نەیانڕوخاندایـە و , بـەم جـۆرەی ئێسـتا کۆمـەڵگایان نەکردایەتە ئۆردوگایەکی موچەخۆری بێبەرهەم , ئێمە ئاوا ناچارانەو مەئیوسانە ڕازی ئەبوین بەوەی کەئەمڕۆ ئەبێت دەنگی بەڵێی بۆبدەین , یان کارتی ترو دەروازەی تری گەمە کرد نمان بۆئەدۆزرایەوەو لانی کەم تـەنها خیارمـان ئـەو قبوڵکردنە تاڵەی ئێستا نەئەبوو کەزیاتر لەخواردنەوەی بادەیەك زەهری ناچـارانە ئەچێـت . ئەگـەر سـێ سـاڵی ڕابردوو کورد ئەوەندە خۆی ڕێکبخستایە کەئێستا بەڕاستی ختورەی جیابونەوەی لای عەرەبی عیراقـی دروسـتبکردایە ,**

یان نیوەی ئەوەی کە پێویست بوو بۆئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی کەرکوك بکرایە , چارەکی ئەو پارە خەیاڵیەی هەردوو حیزبی دەسلاّتدار بەسەر لایەنگرەکانی خۆیاندا ئەیبەخشێننەوە بۆگەڕانەوەی ئاوارەو ناردنەوەی ئەو عارەبانەی کەرکوك سەرف بکرایە کەلەساڵی یەکەمی ئازادبونی کەرکوکدا بەخوایشتی خۆیان ئارەزوی گەڕانەوەیان هەبوو بۆناوچەکانی خۆیان , ئێستا کورد هەر ئەم هەڵوێستە لاوازەی ئێستای نەئە بوو کە لەبەغداد باسی مافی چارەی خۆنوسین بکات پێی بڵێن ( جاکاکە هەر ئێستا فەرموون ) . ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە لەم دووسێ ڕۆژەدا هەندێك برادەر داخ و خەفەتی ئەوە ئەخۆن گوایە لەدەستوردا مافی چارەی خۆنوسین بۆکورد دیاری نەکراوە , وەك ئەوەی خەڵکی تەیموری خۆرهەلاّت و فەلەستین بۆخۆیان مافی چارەنوسی خۆیانیان دیاری نەکردبێت و لەدەستوری ئەندەنوسیاو ئیسرائیلدا ئەو مافەیان پێبەخشرابێت .لەڕاستیدا جێبەجێبونی ئەم مافە ئەوەندەی گرێدراوی هەلو مەرجی سیاسی و زەمینە سازیە خودیەکان و هەلو مەرجی هەرێمی و نێو دەوڵەتیە پەیوەندی نیە بەوەوە لەدەستوری عیراقدا دان بەم مافەی تۆدا ئەنرێت یان نا , کێشەی ئێمە ئەوە نیە ئەو مافەمان لەدەستوردا بۆدیاری نەکراوە , بەڵکو ئەوەیە ئەوەندە زەمینە سازیشمان بۆنەکردووە کەبتوانین وەکو کارتێك عارەبی عیراقی پێ ناچار بکەین بۆدانانان بەهەندێك مافی سەرەتاییدا , ئەوەی کەماوەیەك گروپی ڕیفراندۆم ئەیانویست بیکەن و ئێستایش بێدەنگانە ئاشبەتاڵی خۆیانیان دەست پێکردووە , بەڕاستی حەیف بوو ئەو کۆمەڵە ڕوناکبیرە جدیە قبوڵیان کرد ئاوا ئەو گەمە شێواو و دۆڕاوەیان پێبکرێت . ئەم گروپە نەك هەر بەڵێنەکانی خۆیانیان جێبەجێ نەکرد بەڵکو میکانیزمی کارکردنیشیان بەجۆرێك بوو هەرکاتێك ئیعازی پارتی و یەکێتیان وەرنەگرتایە توانای ڕێپێوانێکی 90 کەسیان نەئەبوو , ئەوەتا ئەبینین بەرامبەر پرۆژەی دەستور تائێستایش هیچ هەڵوێستێکیان دیارنیە , قسەیەکیان نیە بۆ ئەو خەڵکانەی ئیمزاکانیان بۆکردن , ئەوەی جێگەی ترسە ئەوەیە بێهەڵوێستی ئەم گروپەو بێهوودەیی کارەکەیان کەشێکی وادروست بکات مرۆڤ ئیتر نەتوانێت بۆهیچ مەسەلەیەکی ڕەوایش بچێت داوای ئیمزا کۆکردنەوەو پشتگیری جەماوەری بکات .

بابێینەوە بۆلای ئەو پرۆژە دەستوریەی کەهەر لەئێستاوە شالاّوی پڕوپاگەندەی بۆخراوەتە گەڕ ,من نامەوێت باسی هەموو ئەو کەموو کوڕیانە بکەم کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ دوبارە ئەکرێتەوە ,وەك : زاڵبونی لایەنی ئاینی و مەزهەبی و , ئەو کۆتو پێوەندانەی بنچینە نەگۆڕەکانی ئیسلام دیاریان کردووە لەبەردەم یاسادانان و دواخستنی کێشەی کەرکوك و زیندو کردنەوەی کولتوری خێڵ و ئەو خاڵە ناکۆکانەی تر ی کەزیاتر لەبۆمبێکی تەوقیت کراو ئەچن , بەڵکو ئەم دەستورە دوابزماری دا لەتابوتی ئەو ( تەوافوقەی )کە پێشتر کورد و پێکهاتە کانی تری عیراق کەڵکیان لێوەرئەگرت , چونکە هەموو دەسلاّتەکانی پێکهێنانی حکومەت و دامەزراندنی پۆستە بالاّکان دراوە بەو ئەنجومەنی نوێنەرانەی کەلەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ هەڵئەبژێردرێن , هەر 100هەزار دەنگ یەك ئەندامیان لێ هەڵئەبژێرێت , ئاشکرایە زۆرینەی ئەم ئە نجومەنە شیعەکان ئەیبەنەوە , بەزۆرینەئەم ئە نجومەنە , سەرۆك کۆمار , سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمیزی فیدراڵی ,سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرو پلەبەرزەکانی تری سوپا ...هتد هەمووو پۆستە گرنگەکانی تری ولاّت لەلایەن ئەمانەوە دیاری ئەکرێت ,کەدیارە هەر لەسەرەتاوە کۆتای بەو تەوافوقە دێنن کەلەعیراقی دوای سەددام حسین دا هەموان پێی ڕازی بوون , (بڕوانە مادەی 59 ) . تەنها ئە نجومەنی فیدراڵی هەیە کەدەکرا ئەو هاوسەنگیەی نێوان پێکهاتە عیراقیەکانی ڕابگرتایە , ئەم ئە نجومەنە هێڵراوەتەوە بۆئەوەی ئە نجومەنی نوێنەرەکان دەسلاّت و ڕۆڵی بۆدیاری بکات ,(بڕوانە مادەی 63 ) , کەواتە ئیتر تەوافوقێك کورد بگەیەنێە پۆستی سەرۆك کۆمارو وەزیری دەرەوە نەما .

مەبەستم نەبووە قەت بەئاسانی بڕوا بە پاساوەکانی سەرکردە سیاسیەکان بکەم , بەڵام هیچ پێدراوێك نیە ڕۆشنایی ئەوەمان بداتێ کە ڕەتکردنەوەی ئەم دەستورە لەقبوڵ کردنی خراپتر نەبێت , لێرەدا ئەبێت بەلۆژیکی ( أ هون الشرین ) سەیری قبوڵ کردنی بکەین , لەبەر ئەم هۆکارانە :

1- کات نیە لەبەرژەوەندی کوردا , درێژبونەوەی پرۆژەی دەستور بۆشەش مانگی تر هیچ لە پێگەو هێزی کورد زیاتر ناکات . کورد خۆیشی لەئاستی عیراقدا هیوای ئەوەی نیە هاوکێشەیەکی تر پێك بهێنێت لەمەی کەئەێستا هەیە بەهێز تر بێت , چونکە ئەمە زیاتر گرێ دراوی ڕێژەو پێکهاتی دیمۆگرافی کوردستان و توانای ئابوری و سەربازی و کێشەو گرفتە ئیداری و سیاسیەکانی کوردستانە .

2- عارەبی سونە خۆیان بۆبەشداری کردنێکی چالاك لەم هەڵبژاردنەی داهاتودا ئامادە کردووە , ئە نجامێکی سروشتی ئەو بەرشداریە چالاکەی ئەوانیش ئەوەئەبێت ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عیراقداو بەشداریشی لەحکومەتی فیدراڵی بەغداد لەم ڕێژەی ئێستای دائەبەزێت .

3- تێکچونی دۆخی ئاسایشی عیراق و ئەو ئاڵۆزیە تائیفیەی هەیە لەعیراقدا کەشێکی وای دروست کردووە کەئەوانەی چانسی بردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانی عیراقیان هەبێت زیاتر هێزە ئاینی و نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانبن نەك خەڵکانێکی لیبراڵ و دیموکرا تخواز , هەر بۆیە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت لەڕوی چۆنایەتیشەوە پەرلەمانتارانێکی نوێ هەڵبژێردرێت باشتر لەمانەی کەئەمڕۆ هەیە .

ئەم دەستورە زۆرگرانە بۆهەر قەڵەم بەدەستێك کەتۆزێك هەست بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی بکات داوای قبوڵکردنی بکات لە خەڵکی کوردستان . بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو نەهامەتیەیش کەڕەتکردنەوەی ئەم دوستورە دەرگای لەبەردەمدا ولائەکات تەحەمولکردنی ئە نجامەکانی ڕەتکردنەوەیشی هەر قورس و گرانە . گەر ئیمە بەحساباتی هێزە سیاسیەکانی خۆماندا نەچینەوە , لەو بەرپرسیارێتی و ئیدارە لاوازەی کێشەی کورد لەعیراقدا نە پرسینەوە ,ئەوا ئەم گیرۆدە بونەی ئەمڕۆ دواشکستمان نابێت . پێویستە وەها سەیری ئەم ئە نجامە خراپەی دەستور بکەین کەبەرهەمێکی سروشتی شکستەکانی ساڵانی ڕابردووە نەك ئەوەی بەختمان خیانەتی لێکردبین .